کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی

# راپۆرتی پێشێلکاری

# 15




لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان

# راپۆرتی 15

## لــە 2015/01/01 تاکو 2015/06/30

* بەگوێرەی راپۆرتی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان، شەش مانگی کۆتایی ساڵی 2014 و شەش مانگی رابردوو، واتا لە 2015/1/1 تاکو 2015/6/30، ئاماری پێشێلکارییەکانی بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان روو لە کەمبوونەوەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە کاری رۆژنامەگەریش لە رەوشێکی استثنائي دایە، ئەرک و لێپرسراوێتییەکان دوای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش گۆڕاون و قۆناغێکی جیاواز هاتوتە پێش، بێگومان داتای راستەقینە لە رەوشی ئاساییدا دەردەکەون، ئازادی رۆژنامەگەریی کە بەشێکە لە ئازادییە گشتییەکان، راستەوخۆ پەیوەستە بە ئازادی و پرۆسەی سیاسی، بەریەککەوتنی رۆژنامەنووسان و لایەنە ئەمنییەکان زیاتر لەکاتی بەرێوەچوونی فاکتە دیموکراتییەکان و ئازادی سیاسی، وەکو هەڵبژاردن و مانگرتن، خۆپیشاندان، چالاکی جۆراوجۆردا بەرجەستە دەبن.

* راستە ئەمرۆ ژمارەیەکی زۆری کەیسی دادگاکان لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووساندا تەواو بوون، دەتوانین بڵێین ئێستا لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، سابیقەیەکی قانونی گرنگ لە کەیسی داواکانی یاسای رۆژنامەگەری ژمارە (35) ی ساڵی (2007) دروست بووە، بەڵام لەهەمان کاتدا بوونی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی کەیسەکانی رۆژنامەگەریی لە دادگاکان، بەتایبەت ئەو داوایانەی کە خەڵک و ناوەندی جیاجیا لەسەر رۆژنامەنووسان تۆماریان کردووە، مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە کە پیشەی رۆژنامەنووسیی و پرۆفیشناڵی بوونیش لە تەنگژە دایە، کە دەبێ دان بەوەدا بنێین لەمەدا کاری زۆر و تەحەدییاتی گرنگ لەبەردەم میدیاکاندا ماون، کە دەبێت هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت و لێرەو لەوێ بەهۆی ناپیشەیی بوونەوە، ناوەناوە دەنگی نەشاز و نامۆش پەیدابوون، کە زیانی زۆرییان لەراستگۆیی و بەرژەوەندی پیشەییانەی رۆژنامەنووسان داوە.

* لەماوەی رابردوودا سەندیکای رۆژنامەنووسان و لیژنەی داکۆکی، بەئەرکی خۆیان زانیوە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە هەموو ئەو کەیسانەو لەکاتی پێویستدا چ راستەوخۆ، چ ناراستەوخۆ لە رێگای پارێزەرەوە داکۆکی لە بردنەوەی ئەو کەیسانەدا بکات، لەمەشدا ژمارەو داتامان لەبەردەستە، کە بەڵگەن سەندیکا ئەم داکۆکیکردنە بەکارێکی پیشەیی و قانونی و ئەخلاقی خۆی زانیوە، بێگومان دەبێت ئەوەش بڵێم ئێمە مەبەستمان ئەو کەیسانەیە کە (رۆژنامەنووسین) لەو گۆشەنیگایەی کە نابێت بەهیچ کلۆجێک و لەژێر هیچ پاساوێکدا رێگا لە ئازادی را دەربڕینی رۆژنامەنووسان بگیرێت.

* لەم رووەوە وێڕای بوونی سەرنجی تایبەتی خۆمان لەسەر کەیسەکەو لە سۆنگەی ئیلتیزامی قانونی سەندیکا بە گوێرەی بڕگەی (1)ی ماددەی (19) لە یاسای ژمارە (35)، هەرچەندە لایەنی (فصل) خەمڵاندنی جۆر و بابەتی کەیسەکە بەگوێرەی پرەنسیپی سەروەری قەزا، لەتایبەتمەندی دادگادایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سۆنگەی داکۆکیکردن لە ئازادی بیروڕاوە، لەم راپۆرتەدا شوێنی کەیسی (سەباح ئەتروشی)مان کردەوە.

* ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، بە نووسراوی ژمارە (1209 لە 2015/7/2) کە لەژێر رۆشنایی راپۆرتی لیژنەی داکۆکی ئاراستەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کردووە، ئەم وەڵامدانەوەیە گرنگەو بەڵگەی پەرۆشی بەدواداچوونی کەیسی رۆژنامەنووسانە، بەڵام




لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت بڵێین بەداخەوە لە بەشێک لە دادگاکان، بۆ نموونە دادگاکانی گەرمیان تا ئێستا هەوڵ دەدرێت تەجاوزی یاسای ژمارە (35 ی رۆژنامەگەریی بکرێت و بەزۆردارەکی یاسای دیکە لەجیاتی یاسای ژمارە (35) لە کەیسی کاری رۆژنامەگەریدا پیادە بکرێت.

سەندیکای رۆژنامەنووسان بە نیگەرانییەوە دەروانێتە پشتگوێ خستنی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری، پێویستە بگوترێت سەندیکا پسپۆڕی نێودەوڵەتی (تۆبی ماندڵ)ی راسپارد کە رای خۆی لەسەر ئەم یاسایە بنووسێت کە دەقەکەیمان بە کوردی ئامادە کردووە، لەم رووەوە لەگەڵ دەستەی گشتی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بەرنامەی پێکەوەییمان دەبێ بۆ بەستنی کۆنفرانسێک لە بارەی لەمپەرەکانی بەردەم جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایە و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ جێبەجێکردنی یاساکە، کە پێمانوایە دەستکەوتێکی گرنگی کاری رۆژنامەگەرییە لە هەرێمی کوردستان.

* سەندیکای رۆژنامەنووسان بەهەموو توانایەوە داکۆکی لە بوونی گرێبەست لەنێوان رۆژنامەنووسان و دەزگاکان دەکات، لەم بارەیەوە بەکردەوە هەنگاوی زۆری ناوە، کە بوونی گرێبەست مەسەلەیەکی ژیاری گرنگە لە زامنکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان.

بەداخەوە لەم رووەوە کەمتەرخەمییەکی بەرچاو لەلایەن دەزگاو خاوەن موڵکایەتی میدیاکاندا هەیە، تا ئێستا نەتوانراوە ئەم گرێبەستە بە گوێرەی ستاندارد و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ بکرێت، هەرچەندە ئەم ئەرکە بۆتە ئیلتیزامێکی قانونی لە سەر هەموو دەزگاکان بەگوێرەی برگەی (7) لەماددەی (7)ی یاسای رۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی 2007، بەهیوایین لەداهاتوودا ئەم قۆناغە ببڕدرێ و کار بۆ دانوستانی بە کۆمەڵ (المفاوضات الجماعية) بکرێت.

* ماوەتەوە بڵێین لە رەوشی ئێستای کوردستاندا، کە قەیرانێکی ئاڵۆز دروستبووەو کاریگەری بەسەر مەزاجی گشتی خەڵکی کوردستان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ئەوەمان لێ دەخوازێت لە ئاستی ئەم قۆناغە هەستیارەدا بین و لە رەوشی ئێستادا لەئاست تەحەدییاتی نیشتمانیدا بین، لەوانە رووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریستان و بەرهەمهێنەرانی فیکری تیرۆر، مەسئولیەتی نیشتمانی و ئەخلاقی لەسەر هەموو رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی میدیا بۆتە ئەرکێکی پیشەیی و نیشتمانی و ئەخلاقی.

**لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

2015/7/12

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
﴿ بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن ﴾

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
﴿ مديريه الاعلام ﴾

Kurdistan Region - Iraq
Judicial Council

ژمارە: ٥ / ١٠٩١
ڕێکەوت: ١١/ پۆشپەر / ٢٧١٥

Date : 2/7/2015

ئەنجومەنی دادوەری
دەرکردە
Council of the Judicial
مجلس القضاء

## بۆ / سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

### ب / وەڵامدانەوە

سەبارەت بە وەڵامدانەوەی دوا نووسراوی بەرێزتان ژمارە ٥٤ لە ریکوتی ٢٠١٥/٣/٤ کە بە هاوپێچ راپۆرتی ساڵی٢٠١٤ی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئاراستەی ئەنجومەنی دادوەری کرابوو بە تایبەت لە کەیسی رۆژنامەنووسان و ئەو پرسیار و داواکارییانەی تایبەتن بە ئەنجومەنی دادوەری بۆ بەرێزتان رادەگەیەنین:

١- دوای ئاراستە کردنی نوسراو بۆ تەواوی دادگاکانی تێهەلچوونەوەی هەریمی کوردستان، دەرکەوت کە ٥٢ حاڵەتی سکاڵا تۆمارکردن لەدژی رۆژنامەنووسان لەلایەن کەس و دامودەزگاکان یان بە پێچەوانەوە هەیە. لەو کەیسانە، ٢١ حاڵەت لە دادگاکانی لێکۆڵینەوەی هەولێرە، ٣٤ حاڵەت لە دادگاکانی لێکۆڵینەوەی سلێمانیە، ٢ حاڵەت لە دادگاکانی لێکۆڵینەوەی دهۆکە و حاڵەتێکیش لە دادگای لێکۆڵینەوەی سۆرانە. لەو کەیسانە، ٨ حاڵەتیان کۆتایی هاتووەو داخراون و ئەوانی دیکەش رەوانەی دادگای تایبەتمەند کراون یانیش لێکۆڵینەوە تێدا بەردەوامە.

٢-سەبارەت بە مانەوەی کەیسی توندوتیژی دژی رۆژنامەنووسان بۆ ماوەیەکی درێژ و یەکلانەکردنەوەیان لە دادگاکان چەند هۆکارێك هەن کە دەبنە هۆی دواکەوتنی یەکلایی نەکردنی کەیسەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن وەك (تبليغات-جێبەجێ نەکردنی امر قبض- ئامادەنەبوونی شایەت یاخود بەدواداچوونی بەڵگە و هتد...)

٣- سەبارەت بەوەی لایەنی پەیوەندیدار بەبایەخەوە سەیری راپۆرتەکانتان دەکەن بەڵام رێکاری پێویست بۆ سزادانی سەرپێچکار ناگرنە بەر، ئەوەیە کە دەڵێین، ئەگەر داوا جوڵا و بەڵگەی تەواو بەدەست هات، دادگا رێکاری یاسایی تا کۆتایی دەگرێتەبەر و پێویست بە ئامادەبوونی هەردوولا دەکات چونکە لەسەر راپۆرت و رێکاری یاسایی ناجۆڵێت ئەکرێت داواکاری گشتی بیجوڵێنێ.

هەرێمی کوردستان .. هەولێر .. شەقامی ٦٠ مەتری (( www.kjc.krd )) E-Mail \ ragayandn @kjc.krd

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
《بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن》

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
《مديريه الاعلام》

Kurdistan Region - Iraq
Judicial Council

ژمارە : ٥ / ٩ / ١٢٠
ڕێکەوت : ١١/ پۆشپەر / ٢٧١٥

Date : 2/7/2015

- سەبارەت بە دادگایی نەکردن بە یاسای ڕۆژنامەگەری، ئەوا هەر دادگایەك ئەگەر یاسای ڕۆژنامەنووسانی جێبەجێ نەکرد، دەبێت تانەی یاسایی لە بڕیار بدرێت و ئەمەش تەنیا چارەسەرە.

٥- سەبارەت بە خاڵی پسولەی ئاگەدارکردنەوە کە پۆلیس بۆ سەندیکا دەنێرێت نەك ڕۆژنامەنوسان، ئەمە لە تایبەتمەندی پۆلیسە و دەبێ پرسیار لەوان بکرێت.

**دادوەر / اومید محسن حمدامین**

ل. سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری

وێنەیەك بۆ /

- سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان..
- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان / ئاماژە بە ڕاسپاردەی بەڕێزتان لە بابەتی سەرەوە. بفەرمون بۆ زانین ...لەگەڵ ڕێزدا
- دۆسیەی تایبەت..
- دۆسیەی خولاو..

٢

E-Mail \ ragayandn @kjc.krd (( www.kjc.krd )) هەرێمی کوردستان .. هەولێر .. شەقامی ٦٠ مەتری

## رونكرنەك ژ لقێ دهوك یێ سەندیكا روژنامەڤانێن كوردستانێ لسەر كێشا روژنامەڤان (سەباح ئەتروشی) ئەوا لڤان روژان هاتیە ئازراندن مە بڤەر دیت ڤان هەر دوو خالان بەرچاڤ بكەین

ئێک:

دچاڤپێکە فتنەکێ دا دگەل کەنالێ ئاسمانی یێ بادینان روژنامەڤان (سەباح ئەتروشی) رەخنە ل لقێ دهوک یێ سەندیکا روژنامەڤانێن کوردستانێ کریە و ئەو رەخنە دویرن ژ راستیێ و پشتەڤانیامە یا بەردەوامە بو هەمی روژنامەڤانان , و دگەلەک کێشەیاندا لقێ دهوک خزمەتێن قانونی یێن بێ بەرامبەر پێشکێشی ڤی روژنامەڤانی کرینە و هەتا گەهشتیە ڤێ رادێ کو روژنامەڤان (سەباح ئەتروشی) داخواز کریە سەندیکا روژنامەڤانان پشتەڤانیا وی نەکەت د چ کێشاندا و ئەڤ چەندە د دیدارا خودا دووبارە کریە . سەرەرایی وێ چەندێ کو لقێ دهوک یێ سەرفەرازە ب هەر پشتەڤانیەکا بو روژنامەڤان (سەباح ئەتروشی) و هەمی روژنامەڤانان کریە.

دوو:

ئەو برگا قانونی یێ کو روژنامەڤان (سەباح ئەتروشی) لسەر هاتیە رەوانکرن بو دادگەهێ نەگرێدایە ب کارێ روژنامەڤانیێ ڤە و ب بریارا دادوەری هاتیە گرتن لێ دگەل ڤێ چەندێ ژی مە دویڤچوونا بابەتێ کریە و مە پەیوەندی ب لایەنێن پەیوەندیدار کریە کو (سەباح ئەتروشی) روژنامەڤانە داکو دکێشا وی دا بەرچاڤ بهێتە وەرگرتن.

**لقێ دهوک**
**سەندیکا روژنامەڤانێن کوردستانێ**
**2015/2/9**

# بەیاننامەی نووسینگەی گەرمیانی
# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
# سەبارەت بەدەستگیر کردنی رۆژنامەنووس جەلال هۆرێنی

بەداخەوە جارێکی تر لە گەرمیان رۆژنامەنووس زیندانی ئەکرێت و بەدەر لەیاسای کاری رۆژنامەنووسی مامەڵە لەگەڵ دۆسییەی رۆژنامەنووساندا دەکرێت.

رۆژی پێنج شەممە 2015/6/25 لەسەر سکاڵایەکی فەمانگەی تاپۆی کەلار، رۆژنامەنووس جەلال هۆرێنی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری ماڵپەری ئاگاپرێس لەلایەن دادوەری لێکۆڵنەوەی کەلارەوە بەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، برپاری راگرتنی بۆ دەردەکرێت.

ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووسی ناوبراو لەماڵپەری ئاگاپرێس چەند بەڵگەنامەیەکی دیوانی چاودێری دارایی پەیوەندیدار بەدۆسیەی گەندەڵی لەو فەرمانگەیە بڵاوکردووەتەوە.

ئێمە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەموو جۆرە راگرتن و زیندانی کردنێکی رۆژنامەنووسان رەت ئەکەینەوەو بەهەنگاوێکیشی ئەزانین بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئازادی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان.

هەروەها بەکارهێنانی هەر مادەیەکی یاسایی جگە لەیاسای کاری رۆژنامەنووسی بۆ دۆسییەکانی پەیوەست بەکاری رۆژنامەنووسی، بەپێشێل کردنێکی روونی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان ئەزانین و بەتوندی ئیدانەی ئەکەین.

هەر لەو روانگەیەشەوە داواکارین هەرچی زووترە رۆژنامەنووس جەلال هۆرێنی ئازاد بکرێت و دۆسیەکەشی بەپێی یاسای کاری رۆژنامەنووسی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

**نووسینگەی گەرمیانی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

# راپۆرتی 15

## لـــە 2015/01/01 تاکو 2015/06/30

دەستگیرکردن | (3) حاڵەت

لێدان | (2) حاڵەت

هەڕەشەی کوشتن | (2) حاڵەت

ڕێگەنەدان | (5) حاڵەت

## دەستگیرکردن | (3) حاڵەت

| ز | ناوی رۆژنامەنووس | پیشەی رۆژنامەنووسی | دەزگای راگەیاندن | مێژووی پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سەباح ئەتروشی | پەیامنێر | فریلانس | 2015/2/2 | دهۆك | بەهۆی دەربڕینی بۆچوونێکی خـۆی لە دیدارێکدا لە کەناڵی بادینان سـات، بە فەرمانی دادوەر لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە دەستگیر دەکرێت و رۆژی 2015/4/15 ئازاد دەکرێت. |
| 2 | دلشاد عەلی هەرتەلی | میدیاکار | کەناڵی ئاسمانی پەیام | 2015/6/24 | هەولێر | لەسەر بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆی لە سایتی ئیسلام پەیك، کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە رۆژنامەنووسی ناوبراوەوە نەبووە، لەسەر سکاڵای وەزیری پەروەردەو بە فەرمانی دادوەر بۆ ماوەی 1 رۆژ دەستگیر دەکرێت. |
| 3 | جەلال زۆراب هۆرێنی | سەرنووسەر | سایتی ئاگا پرێس | 2015/6/25 | کەلار | دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتێکی چاودێری دارایی لەسەر فەرمانگەی تاپۆی کەلار، بە فەرمانی دادوەر بۆ ماوەی 6 رۆژ دەستگیر دەکرێت. |

## لێدان | (2) حاڵەت

| ز | ناوی رۆژنامەنووس | پیشەی رۆژنامەنووسی | دەزگای راگەیاندن | مێژووی پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مازن شەنگالی محەمەد سدقی | پەیامنێر کامێرامان | KNN | 2015/5/26 | دهۆك | لـەکـاتی ئـامـادەکـردنی راپـۆرتـێـك لەسەر دابەشکردنی کارتی زیرەك لەلایەن پۆلیسەوە هێرشییان دەکرێتە سـەر، وێـڕای لێدان و سووکایەتی پێکردن بۆ ماوەی یەك کاتژمێریش دەستبەسەر دەکرێن. |
| 2 | هانا ئیسماعیل گۆران لەتیف | پەیامنێر کامێرامان | KNN | 2015/6/28 | هەولێر | لـەکـاتی رووماڵـکـردنی تـێـکـدانی خـانـووە تەجاوزەکانی گـەرەکی مـامـزاوەی هەولێر، لەلایەن هێزەکانی زێرەڤانی و پۆلیسەوە، ســەرەڕای رێـگـریـکـردن لـە ئەنجامدانی کارەکانیان، سووکایەتییان پێدەکرێت و کەل و پەلی رۆژنامەوانییەکانیشان دەستی بەسەردا دەگیرێت و لێیان دەدرێت. |

## هەڕەشەی کوشتن | (2) حاڵەت

| ز | ناوی ڕۆژنامەنووس | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | مێژووی پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاری سابیر | پەیامنێر | KNN | 2015/3/10 | کۆیە | لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەبارەی دیارنەمانی بڕیك لە نەوتی قوتابخانەکانی قەزای (کۆیە) لەلایەن کوڕی بەرپرسێکی پەروەردەی کۆیە، ویڕای ئەوەی جنێوی زۆری پێ دەدرێ، هەڕەشەی کوشتنیشی لێدەکرێت، دواتر ڕۆژنامەنووسی ناوبراو لە پۆلیس سکاڵای یاسایی تۆماردەکات. |
| 2 | مۆفەق محەمەد | پەیامنێر | ئەندامی تۆڕی عێراقی (نیرج) | 2015/5/7 | کەرکووك | لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی لە کەرکووك، لەلایەن دوو کەسەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت ئەگەر بێت و لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسیی بەردەوام بێت. |

## ڕێگەنەدان | (5) حاڵەت

| ز | ناوی ڕۆژنامەنووس | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | مێژووی پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گەیلان محەمەد بۆتانی<br>فەیسەڵ عەباس | پەیامنێر<br>کامێرامان | کوردسات نیوز | 2015/1/3 | دهۆك | لەلایەن بازگەی ئاسایشی (مەندان) ڕێگەیان پێنادرێت کارە ڕۆژنامەوانییەکانیان ئەنجام بدەن. |
| 2 | تایف عادل گۆران<br>فەیسەڵ عەباس | پەیامنێر<br>کامێرامان | بادینان سات | 2015/2/19 | دهۆك | بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە میحوەری باشیك لەلایەن ئاسایشی بازگەی (سێکانی) ڕێگە نادرێت کارەکانیان بکەن. |
| 3 | پێشکەوت عەبدوڵلا | پەیامنێر | تۆڕی هەواڵی سلێمانی SNN | 2015/4/2 | کەرکووك | لەسەر ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر گرژی نێوان فەرمانبەران و بانکەکانی کەرکووك، وێڕای ئەوەی ڕێگەی پێنادەن ڕاپۆرتەکە ئامادە بکات، بۆ ماوەی نیو کاتژمێریش ڕادەگیرێت. |
| 4 | تایف عادل گۆران<br>جەلال غازی گۆران | پەیامنێر<br>کامێرامان | بادینان سات | 2015/5/10 | دهۆك | لەلایەن بازگەی ئاسایشی (ساردەك) ڕێگا نادرێت کارەکانیان ئەنجام بدەن. |
| 5 | هێرش محەمەد قادر<br>ئەحمەد عمر | پەیامنێر<br>کامێرامان | NRT | 2015/6/21 | هەولێر | بە مەبەستی ڕوومالی ڕاستەوخۆی قەیران بەنزین لە بەنزینخانەی شۆڕش، لەلایەن پۆلیسەکانی بەنزیخانەکە ڕێگایان پێنادرێت ڕوومالی ڕووداوەکە بکەن. |

# ئاماری پێشێلکارییەکانی راپۆرتی 15
## لـــە 2015/01/01 تاکو 2015/06/30

| ز | جۆری پێشێلکاری | ژمارەی حاڵەت | ژمارەی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە |
|---|---|---|---|
| 1 | دەستگیرکردن | 3 | 3 |
| 2 | لێدان | 2 | 4 |
| 3 | هەڕەشە | 2 | 2 |
| 4 | رێگەنەدان | 5 | 9 |
| | **کۆی گشتی** | 12 | 18 **رۆژنامەنووس** |

## لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان

| ز | ناو | کاری لە لێژنە | شوێن | ژمارەی تەلەفۆن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | حەمید ئەبوبەکر بەدرخان | سکرتێر | هەولێر | 0750 455 5878 |
| 2 | جەمال حوسێن | بڕیاردەر | هەولێر | 0750 402 6878 |
| 3 | خۆشناڤ جەمیل | ئەندام | دهۆک | 0750 450 9838 |
| 4 | سمکۆ عەبدولکەریم | ئەندام | هەولێر | 0750 451 0554 |
| 5 | کاروان ئەنوەر | ئەندام | سلێمانی | 0770 156 4382 |
| 6 | ڤیان عەباس | ئەندام | دهۆک | 0750 765 4238 |
| 7 | مەهدی زریان | ئەندام | کەرکووک | 0770 132 8967 |
| 8 | ئەکرەم سلێمان | ئەندام | نەینەوا | 0750 449 9548 |
| 9 | جەواد کازم | ئەندام | بەغدا | 0770 507 8489 |
| 10 | ئیسماعیل ئیبراهیم | ئەندام | سۆران | 0750 460 9787 |
| 11 | ئارام ئیکرام | ئەندام | کەلار | 0770 136 0514 |
| 12 | ئەمەد باجەلان | ئەندام | گەرمیان | 0770 012 9732 |


حەمید ئەبوبەکر بەدرخان
سکرتێری لێژنە
07504555878
bedirxanpp@gmail.com

جەمال حسێن
بڕیاردەری لێژنە
07504026878
jamal_khailani@yahoo.com

خۆشناڤ جەمیل
ئەندام
07504509838
khoshnav4@hotmail.com


نەخشەسازی: ئەیوب محەمەد بابەکر

# تقرير 15

## مـن 2015/01/01 الـى 2015/06/30

القاء القبض | (3) حـالات

ضرب | (2) حالتان

تهديد | (2) حالتان

منع | (5) حـالات

## القاء قبض | (3) حالات

| ت | اسم الصحفي | العنوان الصحفي | المؤسسة الاعلامية | تأريخ الانتهاك | مكان الانتهاك | نوع الانتهاك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | صباح اتروشي | مراسل | فريلانس | 2015/2/2 | دهوك | بسبب التعبير عن رأيه الخاص في لقاء مع الفضائية (بادينان سات) يلقى القبض عليه من قبل آسايش دهوك بامر من القاضي، ثم يطلق سراحه في 2015/4/15. |
| 2 | دلشاد على هرتلي | صحفي | فضائية بيام | 2015/6/24 | اربيل | بسبب نشر لقطة فيديو على موقع (اسلام بيك) والتي بالاصل لم تكن لها علاقة بالصحفي المذكور وبناءا على شكوى وزير التربية يتم توقيفه بامر من القاضي لمدة يوم واحد. |
| 3 | جلال زوراب هوريني | رئيس التحرير | موقع آگا بريس | 2015/6/25 | كلار | بعد نشر تقرير مالي عن دائرة طابو كلار، يتم توقيفه لمدة (6) ايام من بأمر من القاضي. |

## ضرب | (2) حالتان

| ت | اسم الصحفي | العنوان الصحفي | المؤسسة الاعلامية | تأريخ الانتهاك | مكان الانتهاك | نوع الانتهاك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مازن شنكالي<br>محمد صدقي | مراسل<br>مصور | KNN | 2015/5/26 | دهوك | اثناء اعداد تقرير حول توزيع البطاقة الذكية، يتم التهجم عليهما من قبل الشرطة، فضلا عن ضربهما وإهانتهما، يحتجزان لمدة ساعة. |
| 2 | هانا اسماعيل<br>گوران لطيف | مراسل<br>مصور | KNN | 2015/6/28 | اربيل | اثناء تغطية عملية تدمير الدور المتجاوزة في حي (مامزاوه) في اربيل، يتم ضربهما اضافة الى إهانتهما ومنعهما من اداء مهامهما الصحفية وكسر مستلزماتهما الاعلامية. |

## تهديد بالقتل | (2) حالتان

| ت | اسم الصحفي | العنوان الصحفي | المؤسسة الاعلامية | تأريخ الانتهاك | مكان الانتهاك | نوع الانتهاك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | آري صابر | مراسل | KNN | 2015/3/10 | كوية | بسبب نشر تقرير حول فقدان كمية من نفط مدارس قضاء (كوية)، يوجه اليه الشتائم من قبل نجل احد مسؤولي تربية (كوية) اضافة الى تهديده بالقتل، ثم يسجل الصحفي المذكور الشكوى القانونية في مركز الشرطة. |
| 2 | موفق محمد | مراسل | عضو الشبكة العراقية (ايرج) | 2015/5/7 | كركوك | اثناء اداء العمل الصحفي في كركوك، يتم تهديده بالقتل من قبل شخصين، اذا ما استمر بعمله الصحفي. |

## منع | (5) حالات

| ت | اسم الصحفي | العنوان الصحفي | المؤسسة الاعلامية | تأريخ الانتهاك | مكان الانتهاك | نوع الانتهاك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گيلان محمد بوتاني<br>فيصل عباس | مراسل<br>مصور | كوردسات نيوز | 2015/1/3 | دهوك | يتم منعهما من قبل آسايش نقطة (مندان) من اداء مهامهما الصحفية. |
| 2 | تايف عادل گوران<br>فيصل عباس | مراسل<br>مصور | بادينان سات | 2015/2/19 | دهوك | اثناء اعـداد تقرير حـول إنتصارات قوات البيشمركة في محور (باشيك - البعشيقة) يتم منعهما من قبل آسايش نقطة تفتيش (سيكاني) من اداء مهامهما الاعلامية. |
| 3 | پيشكەوت عبدالله | مراسل | شبكة اخبار السليمانية SNN | 2015/4/2 | كركوك | اثناء اعداد تقرير بخصوص التوتر الحاصل بين الموظفين ومصارف كركوك، فضلا عن منعه يحتجز لمدة نصف ساعة. |
| 4 | تايف عادل گوران<br>جلال غازي گوران | مراسل<br>مصور | بادينان سات | 2015/5/10 | دهوك | يمنعان من اداء مهامهما الصحفية من قبل آسايش (ساردك). |
| 5 | هيرش محمد قادر<br>احمد عمر | مراسل<br>مصور | NRT | 2015/6/21 | اربيل | اثناء تغطية أزمة البنزين في محطة تعبئة (شورش) يمنعان من تغطية الحدث من قبل شرطة المحطة. |

# احصائية انتهاكات التقرير 15
## من 2015/01/01 الى 2015/06/30

| ت | نوع الانتهاك | عدد الحالات | عدد الصحفيين الممارس إزاءهم الانتهاكات |
|---|---|---|---|
| 1 | القاء القبض | 3 | 3 |
| 2 | ضرب | 2 | 4 |
| 3 | تهديد بالقتل | 2 | 2 |
| 4 | منع | 5 | 9 |
| | كۆی گشتی | 12 | 18 صحفيا |

## لجنة الدفاع عن الحريات الصحفية وضمان حقوق الصحفيين في كوردستان

| ت | اسم | عمل في اللجنة | مكان | رقم موبايل |
|---|---|---|---|---|
| 1 | حميد ابوبكر بدرخان | سكرتير | اربيل | 0750 455 5878 |
| 2 | جمال حسين | مقرر | اربيل | 0750 402 6878 |
| 3 | خوشناف جميل | عضو | دهوك | 0750 450 9838 |
| 4 | سمكو عبدالكريم | عضو | اربيل | 0750 451 0554 |
| 5 | كاروان أنور | عضو | السليمانية | 0770 156 4382 |
| 6 | ڤيان عباس | عضو | دهوك | 0750 765 4238 |
| 7 | مهدي زريان | عضو | كركوك | 0770 132 8967 |
| 8 | أكرم سليمان | عضو | نينوى | 0750 449 9548 |
| 9 | جواد كاظم | عضو | بغداد | 0770 507 8489 |
| 10 | ايسماعيل ابراهيم | عضو | سوران | 0750 460 9787 |
| 11 | آرام أكرم | عضو | كلار | 0770 136 0514 |
| 12 | امل باجلان | عضو | گرميان | 0770 012 9732 |


حميد ابوبكر بدرخان
سكرتير اللجنة
07504555878
bedirxanpp@gmail.com

جمال حسين
مقرر اللجنة
07504026878
jamal_khailani@yahoo.com

خوشناف جميل
عضو
07504509838
khoshnav4@hotmail.com



التصميم: ايوب محمد بابكر

# Conclusion of Violations Report No. 15

## From 01/01/2015 Till 30/06/2015

| No. | Type | Number of Cases | Numbers of People Affected |
|---|---|---|---|
| 1 | Arrest | 3 | 3 |
| 2 | Beaten | 2 | 4 |
| 3 | Threatened to kill | 2 | 2 |
| 4 | Prevent | 5 | 9 |
| Total | | 12 | 18 Journalists |

## Defence Committee of Press Freedom and the Rights of Journalists in Kurdistan Region

| No. | Name | Job Title | Place | Cell Phone No. |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Hameed Abubakir Badirkhan | Secretar of Committe | Erbil | 0750 455 5878 |
| 2 | Jamal Hussain | Decider of Committe | Erbil | 0750 402 6878 |
| 3 | Khoshnav Jameel | Member of Committe | Duhok | 0750 450 9838 |
| 4 | Smko Abdulkareem | Member of Committe | Erbil | 0750 451 0554 |
| 5 | Karwan Anwar | Member of Committe | Sulaimany | 0770 156 4382 |
| 6 | Viyan Abbas | Member of Committe | Duhok | 0750 765 4238 |
| 7 | Mahdi Zryan | Member of Committe | Kirkuk | 0770 132 8967 |
| 8 | Akram Sulaiman | Member of Committe | Ninava | 0750 449 9548 |
| 9 | Jawad Kadim | Member of Committe | Baghdad | 0770 507 8489 |
| 10 | Ismael Ibraheem | Member of Committe | Soran | 0750 460 9787 |
| 11 | Aram Akram | Member of Committe | Kalam | 0770 136 0514 |
| 12 | Amal Bajalan | Member of Committe | Garmyan | 0770 012 9732 |

Hameed Badirkhan
Secretary of Committee
07504555878
bedirxanpp@gmail.com

Jamal Hussain
Decider of Committee
07504026878
jamal_khailani@yahoo.com

Khoshnav Jameel
Member of Committe
07504509838
khoshnav4@hotmail.com

Designed By: Ayoub Mohammed Babakir

## Threatened to kill | (2) Cases

| No | Journalist Name | Job Title | Media Org. | Date | Violation Place | Violation Type |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Ari Sabir | Reporter | KNN | 10/3/2015 | Koya | He was insulted and blackmailed after publishing a report about the disappearance of schools gas in Koye by an education administrators son. Then the journalist registered a complaint at the police. |
| 2 | Mofaq Mohammed | Reporter | Iraq Network | 7/5/2015 | Kirkuk | While doing their journalism works, they were blackmailed by two people if they go on the journalism work. |

## Prevent | (5) Cases

| No | Journalist Name | Job Title | Media Org. | Date | Violation Place | Violation Type |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Gailan Mohammed<br>Faisal Abbas | Reporter<br>Cameraman | Kurdsat News | 3/1/2015 | Duhok | They are not permissible by Mendan police station to do their journalism works. |
| 2 | Tayf Adil Goran<br>Faisal Abbas | Reporter<br>Cameraman | Badinan Sat | 19/2/2015 | Duhok | To prepare a report about Peshmerge forces victories in Bashik center, they were not allowed by Sekani police station to do their work. |
| 3 | Peshkawt Abdulla | Reporter | Sulaymani News Network SNN | 2/4/2015 | Kirkuk | For preparing a report about troubles between employees and banks in Kerkuk.they were not allowed to prepare it although they were stopped for half an hour. |
| 4 | Tayf Adil Goran<br>Jalal Ghazi Goran | Reporter<br>Cameraman | Badinan Sat | 10/5/2015 | Duhok | They are not allowed by Sardek police stations to do their jobs. |
| 5 | Hersh Mohammed<br>Ahmed Omer | Reporter<br>Cameraman | NRT | 21/6/2015 | Erbil | To live stream the oil crisis in Shoresh gas station, they were stopped by the stations police. |

## Arrest | (3) Cases

| No | Journalist Name | Job Title | Media Org. | Date | Violation Place | Violation Type |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Sabah Atrushi | Correspondent | Freelance | 2/2/2015 | Duhok | Because of expressing his ideas during an interview at Badinan sat channel, he was arrested by the police by judges decision and they set him free at 15\4\2015 |
| 2 | Dlshad Ali Hartaly | Journalist | Komal News Website | 24/6/2015 | Erbil | Because of publishing a video in Islam Paik site, which the video did not relate to this journalist. Upon the minister of educations complaint he was arrested for one day. |
| 3 | Jala Zorab Horeny | Editor in Chief | Aga Press Website | 25/6/2015 | Kalar | After publishing a financial control report about Kelars departments, he was arrested for 6 days by judge's decision. |

## Beaten | (2) Cases

| No | Journalist Name | Job Title | Media Org. | Date | Violation Place | Violation Type |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Mazin Shangaly<br>Mohammed Sidqy | Reporter<br>Cameraman | KNN | 26/5/2015 | Duhok | While preparing a report about distributing smart cards they were attacked by the police. Although they were bitten and have been arrested for one hour. |
| 2 | Hana Isamail<br>Goran Lateef | Reporter<br>Cameraman | KNN | 28/6/2015 | Erbil | While broadcasting the destruction of transgressed houses in Mamzawe in Erbil. Although they were bitten and their journalism equipments were taken from them by police forces. |

# Report 15

From 01/01/2015 Till 30/06/2015

Arrest | (3) Cases

Beaten | (2) Case

Threatened to kill | (2) Cases

Prevent | (5) Cases

English - Arabic - Kurdist

# Violence Report

# 15




The Committee for the solidarity with the Freedom of the press in Kurdistan